فەتح داوا لە حەماس دەکات لە غەززە دەستبەرداری دەسەڵات بێت

بزووتنەوەی فەتح بە ڕەسمی داوای لە بزووتنەوەی حەماس کردووە خۆی لە دەسەڵاتی سیاسیی کەرتی غەززە دووربخاتەوە، ئەوەش بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە مانەوەی گەلی فەڵەستین لەو ناوچەیە.

لەو بارەیەوە مونزیر حایك، وتەبێژی فەتح لە کەرتی غەززە، ڕایگەیاند، "جەنگی ئیسرائیل ئامانجی سەرەکی کۆتاییهێنانە بەبوون و مانەوەی فەڵەستینییەکان لە غەززە، بەیە پێویستە حەماس هەوەستێکی مەژوویی وەربگرێت و لە گەڕپانی سیاسی و حکومەانی دووربکەوێتەوە".

وتەبێژی فەتح داوای لە حەماس کرد، بەیاری ئازایانە لەبارەی چارەنووسی ژن و منداڵانی غەززە بدات و میهرەبانی پیشانبدات"، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی کە ڕەژانی سەخت و دژوار لە پێشی دانیشتووانی کەرتەکەدایە.